# کوردستان لە دیدی هـ

لەدوای ئەو ئاوەدانییەی کە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە هەموو بوارەکاندا بە خۆیەوە بینی، دەرفەت رەخسا کە بە دەیان هونەرمەند و رۆشنبیر و کەسایەتیی ناوداری عەرەبی و جیهانی سەردانی کوردستان بکەن و کار و چالاکیی هونەری و رۆشنبیری ئەنجام



## ئەحلام حەجی:

## کوردستان بە وڵاتی خۆم دەزانم

لە یەکەم سەردانم بۆ کوردستان بە هیچ شێوەیەك هەستم نەکردووە کە من لە وڵاتێکی بیانیم، یان نامۆ بم، چونکە خۆشەویستی و رێزی خەڵکی ئەم شارە بۆ ئەو کەسانەی سەردانی دەکەن، وەسف ناکرێت، لە یەکەم سەردانمدا بۆ ئەم وڵاتە هەمیشە هەستم کردووە کە وڵاتی خۆمە، بەتایبەتی شاری هەولێر، لەو شارەدا وای لێهاتووە خەڵکەکەی دەمناسن و رێزم دەگرن، ئەمەش یەکێکە لەو سیفەتانەی کە خەڵکی ئەم وڵاتە پێی ناسراون، من زوو زوو سەردانی کوردستان دەکەم، ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە هەر جارێك سەردانی ئەو وڵاتە دەکەم هەست بە گۆڕانکارییەکی نوێ دەکەم، بەتایبەتی لە بوارەی پێشکەوتن و بیناسازیدا.

ئەحلام حەجی دەربارەی ئافرەتی کورد دەڵێ: بە راستی ئافرەتی کورد زۆر بەهێز و بەسۆزن، ئافرەتی کورد دایکێکە دەزانێت چۆن منداڵەکەی پەروەردە بکات، چۆنیش گرنگی بەهاوژین و میوانەکانی بدات، ئەمە ئێستا لە دونیای دەرەوە زۆر بەکەمی دەبیندرێت، چونکە ئەمان هیوای زۆریان بە ژیان هەیە. هەرچەندە ئافرەتی کورد بەدرێژایی مێژوو بە بارودۆخی زۆر سەختدا گوزەریان کردووە، بەڵام هەرگیز هێز و توانای خۆیان لەدەست نەداوە، من زۆر سەرسامم بە ئافرەتی کورد، ئەمەش لە رێگەی کارەکەمەوە بە هەموو جیهان دەگەیەنم.



## راغب عەلامە:

## لە دڵەوە حەز دەکەم لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەشدار بم

ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشام ئەو پێشوازییە گەرمەی خەڵکی هەولێر بوو بەتایبەتی رێزدار نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، بۆیە لە ناخی دڵەو سوپاسیان دەکەم، هیوادارم لە داهاتوودا سەردانی هونەرییش هەبێت و بتوانین پردێك لەنێوانماندا دروست بکەین و ئەم سەردانانە بەردەوام بن بۆ زیاتر ئاشنا بوون و تێکەڵی لە نێوان گەلی کورد و میللەتانی جیهان و خەڵك بێن و لە نزیکەوە هەرێم ببینن و ئاشنای ئەو پێشکەوتنە بەردەوامە بن کە بە هەوڵی بەردەوامی بەرپرسانی بەخۆیەوە دەیبینێت، من هەمیشە پشتگیریم لە کێشەی رەوای گەلی کورد کردووە و بەردەوامیش دەبم لەو پشتگیریکردنە، بۆیە لە دڵەوە حەز دەکەم بەشدار بم لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و سەر لەنوێ بونیاد نانەوەی.

## مونا واسف: هیوادارم کوردس

گەورە هونەرمەندی سوری و عەرەبی (مونا واسف) کە بەر لە چەند ساڵێك بە سەردانێکی فەرمی لە هەولێر بوو دەڵێ: زۆر خۆشحاڵم کە هەولێر گەیشتۆتە ئەم ئاستە و لە نزیکەوە کاروانی ئاوەدانکردنەوەی ئەم وڵاتە دەبینم، هیوادارم لەم کاروانە بەردەوام بن و وڵات زیاتر پێش بکەویت، ئەوەی زۆر خۆشحاڵی کردم میواندۆستیی خەڵکەکەیە، هەموویان منیان دەناسی و رێزێکی زۆریان دەگرتم، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە میللەتێکی زیندوو و هونەردۆستن، لە دڵەوە هیوای سەرکەوتن و ئاوەدانی زیاتر و سەقامگیری بۆ گەلی کوردستان دەخوازم.

# ـــــــونەرمەندانی بیانییەوە

بدەن، بەتایبەتی دوای تێکچوونی رەوشی ئەمنی و ناسەقامگیریی خوارو و ناوەڕاستی عێراق، ئەوەی سەردانی کوردستانی کردبێت دیدو بۆچوونی تایبەتی لەسەر هەرێم بە گشتی هەبووە، لێرەدا بە کورتی دیدوبۆچوونی بەشێک لەو هونەرمەندانە دەخەینەڕوو.



## میریام فارس:

### کولتووری ئێمە و ئێوە لە یەکەوە نزیکە

من زۆر خۆشحاڵم و زۆریش شانازی بەوەوە دەکەم کە رۆژێك لە رۆژان توانیم سەردانی ئەم وڵاتە جوانە بکەم، من زۆرم دەربارەی ئەو وڵاتە و شارستانییەت و رەسەنایەتیی گەلەکەی بیستبوو، بۆیە بە تامەزرۆ بووم بۆ بینینی، شانازیتان پێوە دەکەم و هیوادارم لە سەردانی داهاتوومدا بتوانم فێرە زمانی کوردی ب،بم ئەگەر کەمێکیش بێت، چونکە کوردیش خاوەن کولتوورێکین کە ئێمە شانازیی پێوە دەکەین، من بەر لەوەی سەردانی هەر شوێنێك بکەم هەوڵ دەدەم زانیاریم دەربارەی هەبێت.

من کەسێکم زۆرم حەز لە ناسینی شارستانییەتە جۆراوجۆرەکانی میللەتان و فەرهەنگ و کولتووری میللەتان هەیە، بەتایبەتی کولتوورە رۆژهەڵاتییەکان و بە نزیکی دادەنێم لە شارستانییەتی وڵاتەکەی خۆم، بۆیە تامەزرۆ بووم بۆ سەردانی کوردستان و لە نزیکەوە ئاشنا بوون بە میللەتی کورد و کولتوورەکەی، گوێم لە گۆرانیی کوردی گرتووە و ریتمی گۆرانییە کوردییەکان زۆر سەرنجیان راکێشام و هەستم کرد تێکەڵییەکی زۆر هەیە لە میلۆدی و ریتمەکانی گۆرانی کوردی وەك ئەوەی لەلای ئێمە هەیە لە لوبنان، بەڵام زۆرم حەز لە موزیکی کوردی کردووە.



## مەلەک کوچتۆبین:

### خەڵکی کوردستان گۆرانی و مۆسیقایان زۆر خۆش دەوێت

من دوو جار سەردانی کوردستانم کردووە و لە هەردوو سەردانەکە هەستم بەوە کردووە کە وڵاتێکە لە زۆر رووەوە پێشکەوتووە، سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی هاتوونەتە رێگای، لەرووی هونەرییەوە هەستم کرد کە خەڵکی کوردستان گۆرانی و مۆسیقایان زۆر خۆشدەوێت و گوێچکەیان تینووی گشت جۆرەکان موزیکە بەتایبەتی موزیکی تەرەبی و رۆژهەڵاتی، لە هەولێر گۆرانی تونسیم گوت، شۆك بووم کە بینیم کاردانەوەیەکی زۆر جوانیان بۆی هەبوو و بە کولتووری تونسی سەرسام بوون. لە رووی هونەرییەوە هونەری کورد رەسەنە، من یەکەم جار کە گوێم لە گۆرانیی کوردی بوو، خۆشم ویست، چونکە هونەرێکی پڕ لە مەقاماتی خۆشە، کە من خۆیشم عاشقی مەقامم.

## ــــــتان زیاتر پێش بکەوێت



# ئەلبا رێنمایی تەندروستی بڵاو دەکاتەوە



## سۆنام پاڵپشتیی ئافرەتان دەکات

لە چەند هەفتەی رابردوودا کچە رۆژنامەنووسێکی تەمەن ٢٣ ساڵ لە مۆمبای لەلایەن پێنج کەسەوە تووشی دەستدرێژیی سێکسی بە کۆمەڵ بوو، ئەوەش سەرتاپای هیندستانی تووشی شۆك کرد و تووڕەبوونێکی بێ وێنەی لێکەوتەوە و وەك نارەزاییەك بە هەزاران کەس دژی تاوانباران رژانە سەر شەقامەکان.

ئەستێرەی سینەمایی هیندستان (سۆنام کاپوری) یەکێك بوو لە بەشداربووانی خۆنیشاندانەکان و زۆر بە تووڕەییەوە لە پارکێکی شاری مۆمبای رەخنەی لە بەرپرسە حکومییەکان گرت و بێزاری و تووڕەبوونی خۆی نیشان دا و داوای دادپەروەری و یەکسانی کرد. سۆنام بە جۆرێك تووڕە بوو کە بیری چووبوو میکیاژ بکات، پێدەچوو بە پەلە هاتبێتە دەرەوە.

سۆنام لە تویتەر نووسیبووی: ئەم رووداوەی مۆمبای مایەی شەرمەزارییە بۆ هەموومان، بە راستی منی تووشی شۆك کرد.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە ئەو کچە رۆژنامەنووسە کە لە گۆڤارێکی هیندی کار دەکات، سەردانی ناوچەیەکی پیشەسازیی کۆنی کردبوو لە مۆمبای و لەوێ تووشی ئەم دەستدرێژییە ببوو، رووداوەکەش بووە مایەی تووڕەبوونی ئافرەتان و چالاکانی بواری مافی ئافرەت لە سەرتاسەری جیهان و بەتایبەتیش لە هیندستان، چونکە مۆمبای بە ئارامترین و سەلامەتترین شار بۆ ئافرەتان دادەنرێت لە هیندستان و زۆر بە دەگمەن ئەم جۆرە رووداوانەی تێدا روودەدەن.



خانمە ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی جیسیکا ئەلبا کتێبێکی بڵاوکردەوە کە تایبەتە بە تەندروستی و چۆنێتی پاراستنی مرۆڤ لە نەخۆشی و جوان راگرتنی سیما و روخسار.

کتێبەکەی جیسیکا بە ناوی (The Honest Life) و لە کتێبخانەی سەرەکیی سانتا مۆنیکا لە ئاهەنگی تایبەتدا بڵاوی کردەوە و چەند دانەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرا، هەروەها لە رێگای تەلەفزیۆنەکانەوە ئامانجی سەرەکیی خۆی لە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە خستەڕوو و بە شتێکی پێویست و لە ئەنجامی ئەزموونی تایبەتی خۆی لەو بوارە وەسفی کرد، لەو بارەشەوە رایگەیاند: ئەم کتێبە بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانە بەسوودە کە دەیانەوێ بەشێوەیەکی تەندروست و دوور لە نەخۆشی بژین و دەیانەوێ لە ماڵێکی دوور لە ژەهر و پەیڕەوکردنی سیستمێکی تەندروستیی خواردندا ژیان بەسەر بەرن و خۆیشی بە یەکێك لەو جۆرە کەسانە دانا.

لە کتێبەکەیدا ئەلبا ئەوە روون دەکاتەوە کە بە هیچ شێوەیەك نزیکی خۆراکی کیمیاوی ناکەوێتەوە کە ١٠٠ کالۆری تێدایە، لە هەمان کاتدا خۆی بێبەش ناکات لەو خۆراکانەی کە حەزیان لێ دەکات، بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر لە خەڵکی ئاسایی دەیانخوات، وەك سۆشی و ماکەرۆنی.



## غادە: ئاسوودەیی بە دەوڵەمەندی نییە

لە لێدوانێکی ناکاو و سەرسوڕهێنەردا خانمە ئەکتەری میسری غادە عەبدولڕەزاق جەماوەری خۆی تووشی شۆك کرد، کاتێك چەند وێنەیەکی خۆی بڵاوکردەوە، کە تێیدا دەگری و بێزاریی خۆی بەرامبەر بە ژیان و بارودۆخی دەروونیی خۆی دەردەبڕێت.

غادە لە رێگای ئینستیگرام وێنەیەکی خۆیی بە گریانەوە بڵاوکردۆتەوە و بۆ جەماوەرەکەی نووسیوە: «داوای لێبوردنتان لێ دەکەم، من ناتوانم چیتر قسەتان بۆ بکەم، چونکە باری دەروونیم زۆر خراپ و نەگونجاوە، بۆیە بمبوورن، ناخۆشترین هەست لای من ئەوەیە کە بۆت دەرکەوێت کەسانی دەورووبەرت ناپاکیت لەگەڵ دەکەن، لەو کاتەی کە تۆ پشتیان دەگری و هاوکاریت کردوون، کەچی ئەوان هەوڵی لەناوبردن و تێکدانی ژیانت دەدەن، راستە ئەوان نەیانتوانی بە مەرامەکانی خۆیان بگەن، بەڵام لە یەك شتدا سەرکەوتوو بوون، ئەویش ئەوەیە توانییان لە ژیان بێزارم بکەن، ببوورن ئەگەر بێزارم کردبن».

لە لایەکی دیکەوە لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی (الخميس) گوتی: لە کارەکانی پێشووم پەشیمان نیم، سەرەڕای ئەمەش بەردەوام پێداچوونەوەی خۆم دەکەم، بەڵام پێشتر هەندێك رۆڵم بینیوە، ئەگەر ئێستا پێشکەشم بکرێن، پێیان رازی نابم، چونکە زۆر جار هونەرمەند بەدوای هەندێك کاردا دەگەڕێت، تەنیا بۆ ئەوەی ناوبانگ دەربکات.

سەبارەت بەوەی ئێستا بووەتە داپیرە غادە دەڵێ: زۆر خۆشحاڵم کە لەم تەمەنە بوومەتە داپیرە، نازانم چۆن وەسفی هەستی خۆم بکەم، ناتوانم بە هیچ شێوەیەك لە نەوەکەم دوور بکەومەوە، تەنانەت مۆڵەتم وەرگرتووە بۆ ئەوەی بە تەواوی بپرژێمە سەر پەروەردەکردنی کچ و نەوەکەم.



## دیانا حەداد:

# لە ئێستادا دەنگی خۆش و دەگمەن کە دیار و بەرچاو بن زۆر نین

یەکێکە لە دیارترین ئەستێرەکانی وڵاتی لوبنان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، زیاتر لە بیست ساڵە لە نێو بواری گۆرانی و موزیکدا بوونی هەیە و بەردەوامە، دیانا حەداد لە سەردەمێک هاتە مەیدانەکەوە گۆرانیبێژ و هونەرمەندی بەتوانا دەگمەن بوون کە بتوانن بوونی خۆیان لە نێو جەماوەردا بسەلمێنن و بتوانن بەردەوام، تەنانەت دوای ئەوەی ژمارەی هونەرمەندان زۆر بوون و کەسانێکی زۆریش هاتنە نێوبوارەکە ئەو بوونی خۆی وەکو سەرەتا راگرت و بەردەوامیش بوو لە سەرکەوتن، لە دیمانەیەکدا بەم شێوەیە باس لە چەند لایەنێکی ژیانی هونەری خۆی دەکات.



دیانا پێی وایە هونەری گۆرانیوتن بەهرەیە بەر لەوەی مەشق و خۆماندووکردن بێت، چونکە ئەگەر کەسێك بەهرەی گۆرانیوتن و دەنگخۆشیی نەبێت، ئەستەمە بتوانێت هەوڵیش بدات. لەم بارەیەوە دەڵێ: هەر لە منداڵییەوە خولیای گۆرانیوتن بووم و هەستم دەکرد ئەو بەهرەیەم هەیە، بۆیە زۆر گرنگ نەبووە بۆ من ئەو ژینگەیەی تێیدا ژیاوم، رۆڵی هەبووبێت لەسەر پەرەپێدانی بەهرە و تواناکانی خۆم، چونکە بەهرە پشت بە ژینگە نابەستێت بەڵکو بەهرە لەگەڵ مرۆڤ لەدایك دەبێت، بەڵام رەنگە دەوروبەر کاریگەرییان هەبێت، ئەگەر کەسانی دەنگخۆش هەبن، بەتایبەتی ئەگەر لە خانەوادەکەت کەسانی دەنگخۆش هەبووبن، باوکم دەنگی خۆش بووە، ئەمەش رەنگە کاریگەریی لەسەر من هەبێت.

دیانا وەك زۆر لە هونەرمەندە لوبنانییەکان یەکسەر نەهاتۆتە نێو بواری گۆرانیوتن لە بارەی سەرەتاکانی هاتنە ناو بواری هونەری و دەرکەوتنی دیانا دەڵێ: گۆرانیوتن خولیای منداڵیم بوو، حەزم دەکرد گۆرانی بڵێم و لە سەر تەختەی شانۆ دەربکەوم و بەشداری لە پێشبرکێ هونەرییەکاندا بکەم، یەکەم دەرکەوتنیشم لە کەناڵی (L.B.C) بوو لە چوارچێوەی بەرنامەی (ستۆدیۆ الفن) و بەشداریم لە چەندین ئاهەنگی گۆرانیدا کرد، بێ ئەوەی هیچ ئەلبومێك بڵاوبکەمەوە، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی دەستپێکردنی کاری من وەك یەکەم ئەلبوومم لە ساڵی ١٩٩٦ بوو بە ناوی (ساکن) و لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوامم .

دیانا بە زۆر شێوەزار گۆرانی وتووە و لەم بارەیەوە دەڵێ: من زۆر بە باشی شێوەزاری لوبنانی دەزانم، بۆیە جەماوەری کەنداو زۆریان پێخۆش بووە گۆرانییەکانیان بە دەنگێکی لوبنانی ببیستن کە زۆر بە باشی دەیڵێم، بە پێچەوانەوە هەمیشە داوام لێدەکەن گۆرانی زیاتر تەنانەت ئەلبوومی تەواویش بە شێوەزاری کەنداوی بڵێم، من ماوەیەکی زۆر لە کوێت بووم ئێستاش لە ئیمارات نیشتەجێم و دەزانم جەماوەری کەنداو چ جۆرە گۆرانییەکیان دەوێت بۆیە کاریگەریشیان هەبووە لەسەر ئەوەی بتوانم بە باشی بە شێوەزاری کەنداوی گۆرانی بڵێم، بەڵام ئەوەی بۆ من گرنگە بە پلەی یەکەم جەماوەرە و تەنیا جەماوەر دەتوانێت هونەرمەند هەڵبسەنگێنێت.

دیانا حەداد رایوایە گۆرانیوتن گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە و تەنیا چەند گۆڕانکارییەکی ئاسایی روویداوە، لەم بارەیەوە دەڵێ: رەنگە لە بواری دابەشکردنی گۆرانییەوە گۆڕانکاری تێدا دروست بوبێت و دەنگی زیاتریش پەیدا بووبن، هەروەها ئاستی گۆرانییەکانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ژمارەی هونەرمەندان لە هەردوو رەگەز زۆر بووە، بەڵام دەنگی خۆش و دەگمەن کە دیار و بەرچاو بن زۆر نین، بەڵام لە کۆتاییدا راستی هەر دیار دەکەوێ و دێتەوە سەر ئاراستەی خۆی و جەماوەر رێز لە هونەرمەندانی خۆی دەگرێت و دەتوانێت ئەوانەی لەسەر بنەرەتێکی راست بنیادنراون و بە زیندوویی دەمێننەوە لەوانەی کە وەك با دێن و دەڕۆن جیا بکاتەوە .

دیانا تیشکی خستە سەر نزمیی ئاستی کاری هونەری لە ئێستادا و لەو بارەوە وتی: هونەر نزم نییە، بەڵکو هەندێك کەس هەن کە بەوەی پێشکەشی دەکەن وێنەی هونەریشیان ناشیرین کردووە و رزاندوویانە و بەردەوامیشن، ئەمەش بۆ ئێستا ناگەڕێتەوە، بەڵکو لە هەشتاکان و نەوەدەکان و تەنانەت پێشتریش ئەم دیاردەیە هەر هەبووە، هەمیشە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کەسانی باش و خراپ هەن، بەڵام بەداخەوە لەم ماوەیەی دواییدا دەرفەتێکی زۆر بۆ ئەم دەنگانە (کە ناتوانین پێیان بڵێین هونەرمەندان) دەرەخسێت، چۆن دەرفەت بە هونەرمەندان دیکە دەدرێت واتە ئەوانەی خاوەن بەهرە و هونەرێکی ئاست بەرزدان، بە هەمان شێوە بەمانەش دەدرێت، بۆیە هونەر گۆڕاوە و ئەو کەسانە وێنەی هونەریان شێواندووە.

سەبارەت بەو ئاواتە تایبەتیانەی دیانا حەداد کە تا ئێستا بەدی نەهاتوون، دیانا دەڵێ: پێموایە لە ژیانی مرۆڤ هیچ کاتێك هەموو ئاواتەکانی نایەنەدی، لەسەر ئاستی گشتی هیوادارم ئاشتی و ئارامی باڵی بەسەر دڵ و ماڵماندا بکێشێت، بەتایبەتی لە عێراق و لوبنان و فەلەستین، لەسەر ئاستی تایبەتیش لە خوا داواکارم بتوانم کچەکان بە پەروەردەیەکی ساغڵەم پەروەردە بکەم و سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنم لە سەرتاسەری دونیا نەك تەنیا لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و هیوادارم ئەلبوومی داهاتووم زۆر سەرکەوتوو بێت، چونکە زۆر پێوەی ماندوو بووم.

جگە لە گۆرانیوتن زۆر حەزی لە گەشت و وەرزشە بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئەگەر کاتی بەتاڵی هەبێت، لەگەڵ دۆست و کەسە نزیکەکانی و ئەنجامدانی وەرزش ئەنجام بەسەری دەبات، هەروەها بەردەوام دەچێتە سینەما و ئەگەر پابەندبوونی دیکەی هەبێت لەکاتی بەتاڵی ئەنجامیان دەدات و زۆر حەزی لە خواردنی لوبنانییە بە شێوەیەکی گشتی وخواردنی چینی و هەندێك خواردنی چێشتخانە و خواردنی کەنداوییە، لە رەنگەکانیش حەزی لە رەنگە تۆخەکانە وەك رەشە، هەروەها حەز لە رەنگی سپی دەکەم کە پێچەوانەی رەشە لەگەڵ زیتی و پەمەیی، سەبارەت بە وڵاتەکانیش دەڵێ: گشت وڵاتانی ئەوروپام خۆشدەوێت بەتایبەتی سویسرا و فەرەنسا، بێگومان لوبنانیشم زۆر خۆش دەوێت، هەر وڵاتێکیش تایبەتمەندێتی خۆی هەیە .